# بەم نزیکانە دیوانی گێلە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران




دیوانی گێلە سەرجەمی شیعرەکانی زانای ئاینی پایەبەرزو کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناودار خوالێخۆش بوو مامۆستا شێخ کەمال شێخ نوری شێخ باباعەلی لە دوتوێی کتێبێکی قەبارە 386 لاپەڕەییدا لە خۆگرتوە.

ئەم دیوانە شیعریە بەرهەمی خامەی زیاتر لە نیو سەدەی تێدایە لە هەموو بوارەکانی ئایینی، نیشتمانی و سیاسی، کۆمەڵایەتی، عیشق و خۆشەویستی، زاخاوی مێشک. بەشی عەرەبی.
دیوانی گێلە ئاسۆ شێخ کەمال ئامادەی کردووە وکاک شاروخی ئەرژەنگی دیزاینی بەرگ و ناوەرۆکی بە شێوەیەکی جوان کێشاوە و مامۆستا عبداللە تاهیر بەرزنجی پێشەکی بۆ نوسیوە و تێیدا دەڵێت: زۆر لەو شیعرانەی مامۆستا شێخ کەمال کە وەسفی جوانی ئەکەن ئەوە ئەسەلمێنن کە سەرچاوەیان لە دڵێکی تەڕ و هێزێکی دوور لە زەبری تەمەن وەرگرتووە . یەکێک لەو شیعرانە، شیعری ( لەبەردەم ناوا) دایە، کە تیایدا شاعیر وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی دیمەنی نانەوایەکمان بۆ ئەکێشێ، وەسفی ئەو ساتە ئەکات کە تیایدا جوانی شۆخێک تەجەلا ئەکات، ئەو کاتەی دەستئەبات بۆ نانێکی گەرم . سەبارەت بە شیعرە عەرەبیەکانیش نوسەری پێشەکی دەڵێت: مامۆستا کۆمەڵێک شیعری بە عەرەبی نووسیوە توانایی لە زمان و بەلاغە و صەرف و عەروز و زمانی عەرەبیدا دەرئەخەن .. زمانێکی رەوان و پاراو، دەسەڵاتێکی تەواو لە داڕشتن و بەگەڕخستنی خەیاڵ کە هەستناکەیت کەسێکی غەیرە عەرەب نووسیبێتی زۆر کورد و فارس و تورک کە بەعەرەبی دەنووسن هەستئەکەیت بە کوردی و تورکی و فارسی بیرئەکەنەوە و بیرکردنەوەشیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرئەگێڕن. من لە خوێندنەوەی شیعرە عەرەبییەکانی مامۆستا شێخ کەمالدا هەستم بە حاڵەتێکی لەم جۆرە نەکرد، بەڵکو هەستمکرد و هەستەکەم عەرەبێکی بە توانا ئەو شیعرانەی نووسیبێت. ئەمەش بۆ خۆی خەسڵەتێکی جیاوازە لە نووسینە عەرەبییەکانی مامۆستا شێخ کەمالدا.

لە سایتی (چاودێر)ەوە